# والله، هەریەکێک لە ئێوە شتێک ببات بە بێ مافی خۆی ئەوا دەگاتە لای خوای گەورە وئەو شتەی لە ئەستۆ دەگرێت لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی حومەیدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پیاوێکی بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی زەکاتەکانی هۆزی بەنی سولەیم؛ پێی دەووترا: ئیبن لوتبیە، کاتێک دەگەڕایەوە بۆ بژاردنی (زەکاتەکە)؛ دەیووت: ئەمە پارەکانتانە (سامانەکانتانە) وئەمیش دیاریە (بۆ من)، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بۆچی لە ماڵی باوک ودایکت دانانیشیت؛ بۆئەوەی ببینیت ئایا دیاریەکەت بۆ دێت ئەگەر ڕاستگۆیت؟»، پاشان وتاری بۆمان دا، حەمد وستایشی الله ی کرد، دواتر فەرمووی: «من پیاوێک لە ئێوە بەکاردەهێنم لەسەر کارێک لەوەی خودا منی کردووە بە بەرپرسیار لەسەری، دێت ودەڵێت: ئەمە پارەکەی (سامانەکەی) ئێوەیە وئەمە دیارییە بە من دراوە، بۆچی لە ماڵی باوکی ودایکی دانانیشێت بۆئەوەی ببینێت ئایا دیاریەکەی بۆ دێت؟، والله، هەریەکێک لە ئێوە شتێک ببات بە بێ مافی خۆی ئەوا دەگاتە لای خوای گەورە وئەو شتەی لە ئەستۆ دەگرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، نامەوێت هیچ یەكێك لە ئێوە ببینم کە بگاتە لای خوای گەورە و وشترێکی هەڵگرتبێت کە (دەنگی) خیزەی لێوە دەربچێت، یان مانگایەک هەڵبگرێت کە بۆڕەی لێوە دەبچێت، یان پەزێک هەڵبگرێت کە ماعەی لێوە دەربچێت» پاشان دەستی بەرز کردەوە هەتاوەکو سپێتی بن باڵەکانی دەرکەوت، وفەرمووی: «ئەی خودایە، من پەیامەکەم گەیاند»، گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: ئەم فەرموودە وباسە چاوەکانم بینیوویەتی وگوێیەکانم بیستوویانە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پیاوێکی بەکارهێنا پێی دەووترا ئیبن لوتبیە بۆ کردنەوەی زەکاتەکانی هۆزی بەنی سولەیم، کاتێک دەگەڕایەوە بۆ مەدینە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەوەی پێی درا وخەرج کرابوو پێیدەبژارد، بەڵام ئیبن لوتبیە ووتی: ئەمە پارەکانتانە (سامانەکانتانە) کە لە زەکاتدا کۆم کردەوە، وئەم پارە وسامانەیش بە دیاری بە من دراوە. بەڵام پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: بۆچی لە ماڵی باوک ودایکت دانانیشیت؛ بۆئەوەی ببینیت ئایا دیاریەکەت بۆ دێت ئەگەر ڕاستگۆیت؟؛ ئەو مافانەی لە پێناویدا کارت کرد هۆکارە بۆ ئەوەی ئەو دیاریانەت پێبدرێت، ئەگەر لە ماڵەکەت دابنیشتیتایە هیچ دیاریەکت پێنەئەدرا، بۆیە نابێت بۆ خۆت حەڵاڵی بکەیت بە هۆی ئەوەی لە ڕێگای دیاریەوە پێت دراوە. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە توڕەییەوە سەرکەوت بۆ سەر مینبەرەکەی، حەمد وستایشی الله ی کرد، دواتر فەرمووی: لە پاشدا؛ من پیاوێک لە ئێوە دەکەم بە کرێکار وفەرمانبەر لەسەر پارە وسامانی زەکات ودەستکەوتەکان کە خوای گەورە خستوویەتیە ژێر ڕکێفی منەوە، کەسێك ئەو کارە دەکات، دێت ودەڵێت: ئەمە بۆ ئێوەیە وئەمیش دیاریە بە من دراوە! بۆچی لە ماڵی باوکی ودایکی دانانیشێت بۆئەوەی ببینێت ئایا دیاریەکەی بۆ دێت؟ والله هەریەکێک لە ئێوە شتێک ببات لەوەی پێی دەبەخشرێت بە بێ مافی خۆی؛ ئەوا دەگاتە لای خوای گەورە وئەو شتەی لە ئەستۆ دەگرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەگەر ئەو دیاریەی وەری گرتووە وشتر بێت ودەنگی خیزەی لێوە دەربچێت، یان ئەگەر مانگا بێت وبۆڕەی لێوە دەبچێت، یان پەزێک بێت وماعەی لێوە دەربچێت. پاشان دەستەکانی زۆر بەرز کردەوە هەتاوەکو ئەوانەی دانیشتوون سپێتی ژێر باڵەکانیان بینی، وفەرمووی: ئەی خودایە، من پەیامەکەی تۆم گەیاند. پاشان ئەبو حەمیدی ساعیدی -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەم فەرموودە وباسە چاوەکانم بینیوویەتی وگوێیەکانم بیستوویانە.